# ماڵێ گەورە

سەردار عەزیز

لە دیمەنی فلیمێکی پاش شەر ئەچێ. پاسەکە رۆشت و پیاوەکەش کەوتە رێ. باران بە لێزمە ئەباری. پیاوەکە ئەوەندە باڵا بەرز نەبوو، ئەو جانتا گەورەیەی کە دابووی بەشانیا لەوەئەچو زۆر قورس بێت. ئەو شەقامەی کە پێیان ووتبو پیابرووات رێک و رەوان گووندەکەی ئەکردە دوولەتەوە. لە ماڵی سێهەم پیرەژنێ لەو دیوو پەنجەرەکەوە لە بەرخۆیەوە ووتی، گوێم لێیە باران تەری ئەکات. پیاوەکە سەری داخست بوو ئەرۆیی، لە هیچ کوێی نەئەروانی. جگە لە دەنگی باران هیچ تر نە ئەبیسترا. ئەو دیوو گوندەکە دەشتاییەکی تەخت بوو وەک زۆربەی زۆری ووڵات، لە دوورەوە لە تەمێکی تەنکا وون ئەبوو. لە ماڵی پێنجەم پیرەمێردێ کە لەسەر کورسیەک لە نزیک ئاگردانەکەوە دانیشت بوو، بە بینینی پیاوەکە ساتێ راما، ئەم غەریبەیە لە پەناهیندە ئەچێ. پیرەمێردەکە بەباشی جەنگی دووەمی جیهانی لە یادبوو. پیاوەکە دەیزانی بۆ کوێ دەروات. ماڵێ گەورە لە کۆتایی ئەم شەقامەدا پێش هێڵی شەمەندەفەرەکە. دەبێ ماڵێ چۆن بێت، چەندکەسی تیابژێ، چەندێ گەورە بێت، ئایا ئەو گەورەییە باشە یان خراپ، ئایا گەورەیی لە هەمانکاتدا یانی قەرەباڵغی، ئەگەر گەورەیە چۆڵ بێت دلگرانە. پیاوەکە تا نزیک دەبووەوە زیاتر بیری دەکردەوە. بەڵام ئەگەر شوێنێ گەورەبێت کەواتە جێگایی منی بە ئاسانی تیا ئەبێتەوە، بەڵام لە گەڵ ووشەی گەورەدا غەمێ هەبوو، غەمێک کە هەردەم شوێنێک هەیە بۆ ئەویتر کە لەوێ نیە، دەبێ ئەوەی کە لەوێ نیە کێ بێت، بۆ لەوێ نیە، بۆ ناتوانێ لەوێ بێت. لە گەورەیدا پانتاییەک هەیە بۆ پرکردنەوە بەڵام ئەم جگە لەخۆی کەسی تری نەبوو. ئەم رووتبوونەوە لە ئەوانی تر ئەمی کردبوە پیاوێ نائاسایی، پیاوێ شتەکان جیاببینێ لەوانی تر.

کە هێڵی شەمەندەفەرەکە دەرکەوت پیاوەکە وەستا، لە لای چەپەوە پردێ هەبوو، بە سەریا پەریەوە، لە بەردەم دەرگایە رەنگی سەوزی گەورەدا خۆی بینیەوە کە لە تەختە دروستکرابوو. جانتاکەی لە سەر زەویەکە داناو بەدوای زەنگەکەدا ئەگەرا. لە گەڵ دەست پیانانا، سەگوەر دەست پێکرد. ئای خوایە سەگ هەیە لێرە. سەگ لە گەڵ غەریباندا دۆست نیە. ئەوەندەی نەبرد دەرگاکە کەوتە لەرزین و لە ناوەندا بەشێکی بچوکی کرایەوە. لە گەڵ کرانەوەدا سەگەکە کە رەنگێکی سەرتاپا رەشی هەبوو بە خێرایی فیشەک هاتە دەرەوە. پیاوەکە راچڵەکی، بەڵام هەر خێرا دەنگێک لە دواوە هات و سەگەکە هێمن بوەوە. پیاوەکە لە ترساندا نەیزانی دەنگەکە چی بوو. ئینجا پیرەمێردێ رەقەڵەی درێژ بە نوشتاوەیی هاتەدەرەوە. هێی ........ بەخێربێیت! ئەویش سەرێکی راوەشاندو دەستی درێژکرد بۆ تەوقەکردن و سوپاسی کرد. کاتێ کەسێ فێری زمانێکی نوێ دەبێ ووشەی سوپاس لە هەموو شتێ زیاتر بەکاردێنێ. پیرەمێردەکە خۆی ناساند، هاوسمان، پیتەر، حەزئەکەم هەر بە پیتەر بانگمکەیت. ئەویش لە بەرامبەردا ووتی، حەقیقەت، ئازاد، بەڵام هەر بە ئازاد بانگم کە. پیتەر زۆر هەوڵی دا بەڵام هەرچیەکی کرد نەیتوانی بڵێ حەقیقەت. ئەوە بۆ یەکەم جار نەبوو ئازاد ناوی خێزانەکەی ببێتە مایەی سەرئێشەبۆی. کە رۆشتنە ژورەوە پیتەر لەدوای خۆی دەرگاکەی داخست و ووتی، ئەم دەرگایە ئەوەندە بەکار ناهێنین، پاشان دەرگاکەی ترت پێشان ئەدەم. ئینجا پیتەر سەگەکەشی بە ئازاد ناسان، ئەمە تروکە، تروک ناوی ئەم سەگەیە. بەناو هێنانی سەگەکە کلکەلەقێی ئەکرد.

ژورەوە تابڵێی فەریح بوو، بە پەنای دیوارەکانا هەموو جۆرەشتێ ریزکرابوو. مەکینەی درووێنەکردنی گیا. داس، خاکەناز، قازمە، مەقەستی دارهەڵپاچین. لە ناوەراستا قەمەرەیەکی کۆنی رەنگ سور وەستا بوو. تروک لە پێشەوە رۆشت و بە دوایا پیتەرو ئینجا ئازاد. کە لە دەرگایی یەکەم چونە ژورەوە ژورێکی تری لە ژوری یەکەم بچوکتر کرایەوە. لە ناوەراستیا کوڵەکە دارێک هەبوو. لە سوچی لای چەپەوە پیانۆیەکی کۆن، پیتەر ووتی، لە بۆنە خێزانیەکانا لێرە کۆئەبینەوە، بۆ ئاهەنگ گێران. ئازاد چاوێکی بە ژورەکەدا گێرا سەرێکی راوەشاندو ووتی، یا. ماڵەکە بۆنی شێی لێئەهات. بۆنێک یادەوەری ئازادی ئازارئەدا. رۆژانێکی زۆر لەمەوپێش، ئازاد لە ژێرخانی قەرەقولێکی سەربازە تورکەکان لە شاری بۆدرومی قەراخ دەریای ئیجە بۆ چەند هەفتەیەک بەندبوو. بۆنی شێ هەمووجارێ ئەوێی ئەخاتەوە یاد. بۆدروم شارێکی بچکۆلەی جوان بوو، جوانتر ئەبوو ئەگەر تورکی لێنەژیایە.

لەو کونەواجە بچکۆلەیەی کە هەبوو ئەم ئاوی شینی دەریای ئیجەی ئەبینی کە بەردەوام بەرەو کەنارەکە شەپۆلی ئەدا. قەراخەکە لماوی بوو، ئافرەتی نیمچەرووتی ئەوروپایی خۆیان لە بەرخۆرا هەڵخستبوو. دەریاو خۆرو ئافرەت، سێینەی پیرۆز، تا سەر ئێسقان ئازاربەخشن. پاشان بە قادرمەیەکی چەند پلەییدا سەرکەوتن. کە دەرگایی سێهەم کرایەوە، هۆڵێکی فەرش رێژکراو دەرکەوت. فەرشەکە کۆن بوو بەڵام هێشتا برێکی زۆر لە جوانیەکەی رۆژانی سەرەتایی پێوەمابوو. دیوارەکە رەنگی شینێکی ئاسمانی بوو، لە کۆتاییدا تابلۆی بەلەمێک هەبوو لە قەراخێکی بەردینا.

پێش ئەوەی بگەنە کۆتایی هۆڵەکە وەستان، پیتەر کۆمەڵێ کلیلی لە گیرفانی پانتۆڵە ڕەنگ نیلیەکەی دەرهێناو دەرگایەکی کردەوە، هۆڵێکی تر دەستی پێکرد. هۆڵەکە درێژبوو لە کۆتاییدا پەنجەرەیەک هەبوو هێڵی شەمەندەفەرەکەی لێوە دیاربوو. هۆڵەکە سێ دەرگایی تیابوو؛ دەرگایی یەکەم بۆ ژوری دانیشتنەکە ئەرۆشت، دەرگایی دووەم بۆ ژورێکی گەورە کە پێیان ئەوت ژورەکەی باکور. ڕەنگی فەرشە ڕاخراوەکە سوربوو، ئازاد هەستی بەوەکرد کە بە شێوەیەکی تایبەت بە خێرهاتنی لێئەکرێ. پێش دەرگاکەی کۆتایی قادرمەیەکی لە دار دروستکراو هەبوو کە لێیەوە دەرۆشتی بۆ نهۆمی سەرەوە. لە ژێرقادرمەکەدا گوڵەبەڕۆژەیەکی وشک کراوەی گەورە هەبوو لە سەتڵێکا دانرابوو. کە بەلایا تێپەڕین پیتەر ووتی، دڵگیرە، ها؟ ئازاد بە دەرفەتێکی باشی زانی بۆ ئەوەی ئاستی زانیارییەکانی پێشان دات ووتی، ڤان کوخم ئەخاتەوە یاد. پیتەر هەڵوێستێکی بۆ کردوو ووتی، بەڵێ. کوخ، خەڵکی ئەم وولاتەیە، حەزت لە هونەر هەیە. ئازاد دەست و برد بەڵێییەکی بۆ کرد.
کە بەقادرمەکەدا سەرکەوتن، پیتەر ووتی، ئەچین بۆ ژورەکەی تۆ، یان ئەو ژورەی لە مەودوا ئەبێتە ژوری تۆ. قادرمەکە زۆرخواربوو، ئازاد سەری لەوە سوردەما چۆن تروک ئاوا بەئاسانی سەر ئەکەوێت. کە گەشتنە ژورەکە هەرهەمووی سەرتاپا تەختەبوو. ئازاد لەدڵی خۆیا ووتی، خوایە هەر تۆزێ لە تابوتێ گەورەترە. ماڵێ گەورە، ژورێ بچکۆلە. کە شتەکانت ڕێک خست وەرەخوارەوە با بە ئەوانی ترت بناسێنم. ئازاد ئەرێیەکی کردو گوێی لە ترپەی پێی پیتەربوو بە قادرمەکەدا ئەچوە خوارێ. لە ئاسمانی ژورەکەدا پەنجەرەیەک هەبوو کە ڕێک پەلوپۆی دارکەستەناکە بە سەریا شۆڕبوبوەوە. دار کەستاناکە وەک زۆر شتی تری ئەم مەملەکەتە سارده لای ئازاد جوانیەکانی خۆی لە دەست دابوو. هەستکردن بە جوانی لە توانای پەیوەندیکردندایە. جوانیەک ئەگەر نەمانتوانی پەیوەندیەکی مرۆڤانەی لە گەڵا ببەستین ئەوا ئەو جوانیە بۆ ئێمە نابێتە جوانی. لە نێو پەلوپۆی کەستەناکەوە ئاسمان ئەبینرا، ئازاد بیری بۆ ئەوەچوو لە ڕۆژانی خۆردا ئەتوانێ لە ژورەکەیا بمێنێتەوە و تەماشای خۆربکات. بەڵام ئەوە ئەوەندە زوو زوو ڕونادات. لە ژورەکەدا شوێنێک هەبوو بۆ هەڵگرتنی کتێب. ئازاد لەبەردەمیا وەستاو وورد ووردێ لێی ئەڕوانی. ڕەنگە ڕۆژێ بتوانێ هەندێ کتێب لەوێدا هەڵگرێ. کتێب لە وولاتی خۆیانەوە بە دیاری بۆ ڕەوانە بکەن. ئەو دەقە شیعریانەی کە باسی شەری خۆشەویستی و دەردەسەریەکانی عەشق ئەکات. ئازاد حەزی ئەکرد دەقێکی پیرۆزی ئاڤێستای لابێ بۆ ئەوەی بە برگەکانیا بچێتەوە. "ڕووبکەمە کام سنور، کام وولات؟ بۆ چ لایەک بۆ کامە سەرزەوی برۆم؟ ئەوەتا پێشەواکان و سەرکردەکان دوورەپەرێزیم لێئەکەن. وەرزێرەکانیش خاوەن ئاکارێکی وا نین ببنە هۆی شادومانی من! دەسەڵات دارانی درۆپەرستی وولات، دژ بە منن رقیان لێمە. ئەی مەزدا ئاهورا پێم بڵێ چۆن دەتوانم تۆ شادو ڕازیکەم". ئەو برگەیەی ئاڤێستاتا مایەی دڵ تەنگی بوو. چەندێک دونیا نەگۆڕاوە. عاشقانی حیکمەت هەردەم لە خۆیان ئەپرسن ، ڕووبکەمە کوێ. بەڵام هەرکە زیاتر بیری لە برگەکە ئەکردەوە، زیاترو زیاتر لاشەی دەسەڵات وەک ئافرەتێ سۆزانی لە بەردەمیا ڕووت ئەبوەوە. زەردەشت ئاکاری هەژارانی بەدڵ نیە و لەوە نیگەرانە کە دەسەڵاتداران لە خۆی ناگرن.
کاتێ ئازاد لە دەرگای ژوری دانیشتنەکە چوە ژورەوە، پەنجەرەیەکی گەورەو سێ دەرگای تری بینی، خوایە، ئەم ماڵە چەند ئاڵۆزو پڕ پێچ و پەنایە. یەکێک لە دەرگاکان بەبۆیاخێکی ڕەنگ شیری ڕەنگ کرابوو، تانیوە کرابوەوە بە جوانی چێشتخانەکەی لێوە ئەبینرا. چێشتخانەکە تا بڵێی ئاڵۆز دیاربوو، لە هەر کونج و کەلەبەرێکت ئەڕوانی کاتژمێرێ دانرابوو بیری ئەخستیەوە کە کات چەندەو چۆن تابێت تەمەنت ئەسوتێ. لە چێشتخانەکەدا کچێ قژرەش خۆی دابوو بەسەر دیوارە نزمەکەی تەنیشت تەباخەکەدا. بەبینینی ئازاد ئەویش بەرەوە ژوری دانیشتنەکە هات. لە پاشاندا پیرەژنێ چاویلکە لە چاوی کورتە باڵای قەڵەو لە دەرگاکەی ترەوە دەرکەوت. پیرەژنەکە خۆی بە ئازاد ناسان، من تیا-م، من و پیتەرو ئەم کچە جوانەمان، کەناوی مێرتەیە، لێرە ئەژین. بەخێربێیت و هیوادارم ماڵەکەت بە دڵ بێت. ئازاد سوپاسی کردو لەگەڵیانا تەوقەی کرد. لە ناوەڕاستی ژورەکەدا مێزێکی درێژی شێوە لاکێشەیی هەبوو بە کورسی لە دار دروستکراو دەورەدرابوو. ئازاد لە سەر ئەو کورسیە دانیشت کە دەیتوانی دەرەوە ببینێ لە پەنجەرەکەوە. هێشتا باران ئەباری. لە جۆگە ئاوەکەی کە لە شێوەی بازنەدا دەوری ماڵەکەی دابوو، دوو قازی ڕەنگ شیری وەک دوو عاشق ملیان لەیەک پێچابوو، هیچ باکێکیان بە باران نەبوو. لە دورەوەش ئەسپێ ئەبینرا کە بە کاوەخۆیی لە دەشتاییەکەدا ئەلەوەری. ئەوەی بۆ ئازاد بووبوە مایەی تێرامان ئەوەبوو کە بۆچی ئەم ژن و مێردە ئەورووپیە کچێکی ڕەنگ یابانیان هەیە. ئەم تێرامانە بە جۆرێ بوو، ئازاد بۆ چەندجارێ بە ووردی تەماشای تیاو پیتەر و مێرتەی کرد تا تیا هەستیکرد. بەڵام ئەوەی دەست و برد وەڵامی دایەوە تیا نەبوو بەڵکو کچەکە خۆی بوو. من بە ڕەچەڵەک کۆریم، لە کاتی شەردا هەموو کەسوکارم لەدەست دا، کاتێ کە لە هەتیوخانە دانرام، پیتەرو تیا منیان هێنا

بۆ ئێرەو کردمیانە منالّی خۆیان. تیا ووتی، ڕەنگە تۆش هەر لەدەست شەر هەڵهاتبی. ئازاد بەسەرلەقاندنێکی ڕەزامەندی وەڵامی دایەوە. ئەتوانن باشتر لەیەکتر تێبگەن و گوێ بۆ یەکتری رادێرن، تیا ووتی. مێرتە تازە لە سەرەتایی بیستەکاندابوو، جوتێ چاوی ڕەشی بچکۆلەی هەبوو لە دەنکە ترێی ڕەشی کێوی ئەچون. پاش ساتێ بێدەنگی تیا جارێکی تر ووتی، ئێستا هەردوکتان لە بەرەکانی شەرەوە دوورن، ئازادن و ئەتوانن هاورێتیەکە حەقیقی دروستکەن. کاتێ ئازاد مێزەکەی جێهێشت بۆ ئەوەی بۆ ژورەکەی خۆی بروات، بیری لەوە کردەوە بۆ سەردەمانێ زۆر ئەو بروای وابوو کە ئەو هەرچەندە ناوی ئازادە بەڵام هەرگیز هەستی بەئازادی نەکردوە، سەرەرای ئەوە کە ناوی خێزانەکەی حەقیقیە بەڵام جگە لە ئازار هیچی تر لە ژیانیا حەقیقی نیە. ژورەکەی وەک پسکیت ووشک بوو، لە سەر کورسیەکەی بەردەم پەنجەرەکە دانیشتوو هەستیکرد سەرەتایی هەستێکی تر خەریکە چرۆ ئەکات، بۆیە حەزی کرد گوێ لە مۆسیقابگرێ.